# به سیلەی چاو بڕوانە

## کەسایەتی و ئەندیشەی شەهید سەعید یەزدانپەنا

ئاماژە:شۆڕشی کەبیری1789خاڵێکیمێژوویی‌حەیاتی‌فکری دێتە ئاراوە.

شنەبای ڕۆشنبیری و دوابەدوای ئەو قالب بەستنی بیری ناسیونالیزم وەك دەلاقە بۆ باوەڕی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی کرایەوە و ئەم تام و چێژە و بەرامەیە بەرەو پێگەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ , زۆرتر لە جاران جێپەنجەی بیرمەندانی لە سەرچۆنییەتی‌خەباتی گەلان, زەقتروگەشەدارتر کردوە. کارامەیی ئەم مامۆستا بێ دەنگ و ڕەنگەمەزنە کە دایمە لە جێ و بانی مێژوودا نووستوو, بە تایبەت لە1789بە دوا باسی ڕووداوێکی حاشا هەڵنەگرە: بیرمەندان ڕێنوێنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەن, ئەم جۆرە کە بیرمەند بە دی هێنەری بووژانەوە و خوڵقاندنی فکر و ئەندێشە, لە باری عەقلانیەت و متافیزیك, بە دی هێنەری مەکینەی بۆ بەرەو پێشبردنی کۆی پڕۆگرام و بەرنامە گەلێ لە ئاستی ئاڵوگۆڕ کردنی, بەرژەوەندی کۆمەڵگەی خۆی تێدایە.

بڵاوبوونەوەی مەم و زین(**mamuzin** ) ئەم شاکارە مەزنەی ئەحمەدی خانی, شاعیری نەتەوەی کورد بەناوی دەسکەوتێکی فکری وئاسەوارێك. خاڵێکی بەر چاوە بۆ زیندوو کردنەوەی کۆمڵگە و مێژووی کوردان و لەو حاڵەدا سەرەتایەکە بۆ وەخەبەر هێنانەوەی نەتەوە و بزووتنەوە لە ئاستی دروست بوونەوە و زیندوو کردنەوەی پێناسە و هۆییتی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد.

ئەو بلیمەتە بیرمەندە ورد بینە خاوەن بەڵێنە بە زانیاری لە سیاسەتی ژئۆپۆلتیك (عیلمی‌زەوی ناسی) کوردستان و هەر وەها فێڵە بازانی ئەمپراتورەکانی سەفەوی و عوسمانی زۆردارانە وەك دۆڵپاکەی(سەلیمی جەوهەری) داسەپاون بە سەر شان و پیلی لاوازی نەتەوەی کورددا, بە ناوی مەزهەبی شیعە, سوننە و بیری مانەوەی ئیستراتژی کورد, لە سەرەتادا لەگەڵ خودا دەدوێن وپاشان بەهەیبەتی خەڵکی‌خودا هەڵدەسن و لە کۆتایی‌دا بە دۆزینەوەی ڕێی چارە وەدەس هێنانی(**stat-nation**) کوردی دەکەونە هەوڵ, واتە ئاڵ وگۆڕی ناسیونالیزمی کوردی 200ساڵ بەر لە ناسیونالیزمی غەربی پێك دێنن.

بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردی لە لایەن بەدرخانەوە لە ساڵی 1898, دەبێتە هۆی تازە بوونەوەی ئەندێشەی ئەحمەدخانی پێشەوای ناسیونالزمی کوردی.

سەدەی بیستەم هاوکاتە لەگەڵ لە دایك بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی/کۆمەڵایەتی/ فەرهەنگی چەکداری کورد. بە سیلەی چاو بڕوانینە بزووتنەوەی کورد, چ لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و چ لەسەدەی بیستەم بە ڕاستەقینەیەکی ڕوون وئاشکرا ئاماژە دەکا: دوور ئەندێشی حیزبە کوردەکان, تاڕادەیەك چەپی و مایل بە ناسیونالیزمە و جگە لە نیشانە گەلێ, ڕەنگدانەوەیەك لە ناسیونالیزمی کوردی لە واندا نابیندرێ.

هۆی بنەڕەتی ئەم ڕاستەقینە لە سەرکردایەتی حیزبە کوردیەکاندا بوو, چونکە زۆربەیان دەس پەروەردە و فێرکراوی مارکس, ئینگڵس و لنین بوون و بە بیری چەپیانە ڕوانیونەتە کێشەی کورد. دوورنیە ئەوانە, هەمیشە, بە سیلەی چاوێکیش سەبارەت بە مافی چارەنووس، لە چاوی چەپەوە بووبێتیان.

لە کۆتایی سەدەی بیستەم و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا: هاوکات لەتەك ئازاد بوونی کوردستانی باشوور, بەهاری 1991, ڕووداوێکی گەورەی بێ وێنەی مێژوویی لە ژیانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی دا. داهێنەری ئەم ڕووداوە مەزنە پیرۆزە بێجگە لە سەعید یەزدانپەنا, لاوی 27ساڵەی بۆکانی, کەسێکی ترنەبووە.

1–سەعید یەزدانپەنا لە ساڵی1964ز, 1343هەتاوی, لە گوندی سەقز لووی بۆکان, کوردستانی ڕۆژهەڵات, لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر هاتە ژیان. کونجکاو, هاوکات, ئەهوەن, بە ئەدەب, هەر لە سەرەتای منداڵیەوە مرۆڤێکی تایبەت و جیاواز لە و دا بەدی دێنێت. سەعید لە تەمەنی6ساڵاندا, ساڵێك زووتر, چوە قوتابخانە. هەر ئەو ساڵە لە ناو هاو قوتابیەکانی بە یەکەم دەرچوو. کارنامەی پڕ لە بیست پێشکەش بە دایکی،

2–حەمەدەمین بەهلوولی باپیرەی سەعید (بابی دایکی) پێشمەرگەی کۆماری کوردستان هاندەری کچەکەی بوو بۆ خەبات لە پێناوی سەندنی مافی پامالبووی کورد. (دایکی کورد) دایە خانم, دایکی سەعیدیش ئیلهامی لەو هاندانە مرۆڤایەتی,

نەتەوایەتیەی باوکی و هەست کردن بە شاراوە و پێچراوەیەکی دەروونخانەی کۆمەڵگەی کورد و جیاوازیە ناڕەواکەی بەڕەواکراو لە لایەن حاکمە گەندەڵەکەی پەهلەویەوە, قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵی, لەسەرەتاوە, منداڵەکانی بۆ ڕێی مام نیشتمان بار هێنا. ئەوانی بار هێنا هەتا بۆ حەسانەوە و ئاسوودەیی گەلی خەبات بکەن. پێی دەکوتن, کاتێ لە ڕێی نیشتماندا شەهید بن, بۆتان ناگریم, ئەسرین ناڕێژم ! بە شایدی ئەوانەی لێی نزیک بوون, هەر وایکرد, چ بە وەخت کوڕە گەورەکەی, کاک ڕەشید (سمکۆ) کە بە راستی ڕەشید بوو, لە بۆکان و چ بەوەخت خەبەری شەهید بوونی کاک سەعیدیشی پێ گەیشت, ئەو دەم خۆی لە هولەند بوو, بە وتەی ئەوانەی لە دەوری بوون, دایکی مەزن منداڵ پەروەردە وبار دێنێ هەتا لە ڕێی ڕێباز و باوەڕی پیرۆز و ڕەوای مرۆڤ و نەتەوەی خۆی تەنانەت لە پێشکەش کردنی گیان کۆتایی نەکا, پێشکەش بە کوردستان.

بێ گومان ئەم شێرە ژنە ئوستوورەیە بە ناوی یەکەمین و کارامەترین, هاوکات, خوڵقێنەری دوو سەعید, دەوری داهێنانی هەیە.

دایك لە تێڕاماندا؛ نەگونجاو لە فکر و تەسەور, سەعید کە موتالای دەکرد, ئەو تام و چێژیان لێ دەبا و لە کاتی خوێندنەوەی شێعر و نووسراوە حەماسیەکان کە بە زمانی دایکی دەیخوێندەوە, بۆ دایکی جێی سەر سووڕمان نەبوو بەڵکو دنەی دەدا, دنەی داو دنەی دا, تا ئەمەیکە لە 14ساڵاندا سەعید چاو کراوانە چوە ریزی ڕێکخراوەی چریکە فەداییەکانی گەلی ئێران و بوو بە هاوسەنگەری کاك ڕەشیدی.

دایکی بۆیە سەعیدی ناردە گۆڕەپانی بەر بەرەکانێ لە ڕشتنی خوێنی داگیرکەران سڵ نەکا و کوردستانەکەی لە بوونی فیزیکی سێبەری نگریسە جەللادەکان پاك بکاتەوە, شەو و رۆژ, ژین و نەمان پێشکەش بە وەدەس هێنانی چەمکە زانیاریەکان و هەر وەها بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویست, کوردستان کرد. ئەو دەیزانی زانیاری و بیرمەندی سەرەتایە بۆ هەستان و ڕاپەڕین, ڕاپەڕینی دژ بە تاریکی و ڕەشبینی.

سەعید هۆگرانە, بە باوەڕەوە نۆجوانی خۆی بەشێکی لە گەڵ نەتەوە زۆر لێ کراوەکەی, چاو کراوانە بردە سەر.

3–لەریزی چریکە فەداییەکان, سەعید بە پێچەوانەی کەم تەمەنی, دیاردە و جلوەی کەسایەتی خاوەن ئێخلاق, هێمنایەتی, یاسا هەڵگر, و هاوکات لە گەڵ ئەوە, ئازادی خوازانە و مرۆڤ دۆستانەی پلە و پایە یەکی تایبەتی گرتبوە خۆ. هەر ئەو کەسایەتیە سەلیمە بوو کردی بە سەر چاوەیەکی زوڵاڵ و چوە بارەگای بارەکەڵڵا.

سەعیدی هێژا, سەعیدی هۆگری موتالا, سەعیدی دوور ئەندێش, سەعیدی خاوەن راوێژ, سەعیدی هۆشیار لە دەمادەمی شۆڕشی بە زۆر دزراو و داگیرکراو لە لایەن ئاخوندە نگریسەکانەوە, لە رووی مەجبووری و ناچاری دەستی دایە چەك. سەعیدی پارتیزانی کورد بە هۆی لێ هاتوویی و زانیاری و ژیر بێژی, شارەزا بە کوڵان و شەقامەکانی شارەکەی بە چەکەکەی گۆڕەپانی بەر بەرەکانێی بە داگیرکەران تەنگ, وەك بیرە تەسکەکەیان, قەیسەری کونە مشك بوو, تەنگ و تاریك, تاریکتر لە دەروونیان.

کەسایەتی چەند گۆشە و لاینی کاك سەعید لە پرۆسەیەکی ئاوا بووندا پێك دەهات و شکڵی دەگرت و هەر رۆژێك ژانە بیرێك وەك برووسکەیەك بە مێشکیدا تێدەپەڕی و زۆرتر و زۆرتر و بەکەڵکتر دەبوو. لە لایەکەوە دایك هاوسەنگەری ئەوە, دایك مامۆستای ئەوە, دایك سەرکردەی ئەوە, دایك خەباتی لە ودەوێ! ئەو شیری نەداوەتێ تا ناز پەروەردە بێتە بار و لە سەر سفرەی باوکی دانیشێ و سەردەمی منالی بە بووك و سەردەمی تازەلاوی بە کایەی ناو کوڵانان و سەردەمی لاوەتی بۆ دابینکردنی پێداویستیە فیزیکیەکانی بە سەر بەرێ.

دایکی کورد, شیری داوەتێ تا ژیانی سەربەست و پڕ لە خەبات هەڵبژێرێ تەنانەت لە ڕێی وە دەس هێنانی ئامانج ئەگەر پێویست بوو, گیان بدا.

ئاوەها سەعیدێکی پارتیزان لە ساو پەنای وەها دایکێ بە مەزنی جیهانی گەورەیی دایکانی گەورەی دنیا, لە ژێر تیشکی ئەندێشەی ئارەزووی گەورەدا تا گەیشتن بە ئازادی, لە بەرزایەکانەوە بۆ نەتەوەکەی پێدەکەنێ. لە نشێوەکانەوە بە دوا رۆژی شوومی جللادەکان قاقای مەستانە دەکێشێ.

سەعید یەزدانپەنا, لە سەنگەرەکاندا وازی لە موتالاّ و خوێندنەوە و داهێنان نە دەهێنا, گوێی دەدایە حەکایەتی قەڵەمەکەی, باسی بۆ لە ئەندێشە گەلێ دەکرد کە دایك, روودا و تەجرەبە گەل و موتالاّی لە گەڵە. دەس دەداتە قەڵەم و لە هەمانکاتی نووسین بە ناوی نووسەرێکی ورد بین و دەردەداری دەردی دەردزانی لە پێشگای ئازادی خوازانی کوردستانی ئێران دەبریسکێتەوە, وەك دایك و بیر، بیرمەندیەکانی.

4–نەو رۆژی 1360بە هۆی وەزعیەتێ کە پێش هاتبوو لە کوردستان, سەعید, وەك زەردشت, بۆ کوێستان, ئەو قەلاّ. و پشتیوانی کورد, دەچێ. سەعید باش لە بیری ماوە, ئەگەر ئەو دەم کوێستانەکان هەڵگری راز و هاودەمی هەڵۆ بەرزە فڕەکان نەبایە, زۆر زووتر نەتەوەکەی لە نێو رایەڵەی تەمەدونە سەر کێشەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست, میزوپوتامیا دەتوانەوە و هەزم دەبوون. ئەرێ, ئەرێ ئەو چوو بۆ کوێستان هەتا ئاوێستایەکی دیکەمان بۆ بهۆنێتەوە.

ئەرێ, ئەرێ, سەعید سەنگەر و کەندو لەند, تەرت و تەلان, گەوە و کوێرەرێ, رژد و رکە, چۆمی خوڕ و مەند, شاخی هەڵەموت و زەرد وما, دەشت و پێ دەشت, کوێستانی ئەستەم سەرکەش, بەرزی و نشێوی بڕیوە و ئارەقی ماندوویی سڕیوە, خەبات, خەبات, پارتیزان, پارتیزانی و پارتیزانی, دەبنە هاوڕێ. رەنگە چارەنووس بوو کە ئەو چاوکراوانە لە سایەی مامۆستا مەزنەکەی, دایکی کورد, هەڵی بژارد بوو.

بەلاّم سەعید هەمیشە بە قەڵەم + چەك, چەکی + قەڵەم.

حەماسە خوڵقێنەکانی!! هێما شەهیدە هاوسەنگەر و هاو بیرو بە ئەمەگەکان و کوێستانەکان و کۆلاّن و شەقامەکانی شار لە شەو و نیوە شەو ئەرخەوان سووری پاك پەرەستان دژ بە شەو پەرەستان هێمانە لە بیریان ماوە. لە و کاتەدا بوو کە کەسایەتی ئەم تاقە ئەستێرە رووناك بیرە کارئامە کوردە لە نێو پەڵە هەورەکاندا دەدرەوشاوە و دەردەکەوت.

5–سەعید و ناسیونالیزم:

لە ریزی رێکخراوەی چریکە فەدایەکانی گەل باری کار کردی چەپ گەرا بوو, بەلاّم بە نووسین و بە وتە و کردار دایمە رەگی قەوی باوەڕ و ئەندێشەی ناسیونالیزمی کوردی تێدا زنەی دەکرد و جار جار لە خیزەلاّنی دەروونیدا پۆنگی دەخواردەوە. پرۆگرام و پێشنیارەکانی فەدایان کە لە ئاستی کورد پەسەند دەکرا پشتیوانی گەورەی لە پشت بوو, ئەویش سەعید یەزدانپەنا بوو.

هێمانە سەعید یەزدانپەنا بە عینوانی رێبەرێکی ناسیونالیزمی کوردی ناسراوە. ئەو رێکخراوەی کوردستانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بنەمای داڕشت و بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەندێشە مەزن, ئەندێشەیەك کە تاقە مەڵهەمێکە بۆ برینی ژێر دەستی و دەس تەنگی نەتەوەی کورد گیراوەتەوە, بەراستیش هەر وایە, هەرواش بوو, هاوار بۆ پێکهاتنی بەرە! بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی, کە لە ruk دا بوو بە ئیستراتژی.

6–سەعید و مرۆڤـ دۆستی:

دایکی کورد دەڵێ: سەعید زۆر جار بە منی دەگوت, دایە, هەرکات داوای هەرچیم کرد بمدەیە, بەلاّم تکات لێ دەکەم مەپرسە بۆ کێی دەبەم, بە کێی نادەم. خۆم فێری ئەوانەم کردبوو و پشتگریشم دەکرد, دەم گوت: بە سەر چاو, ناپرسم سەعید گیان!

سەعید زۆرجار بە پەلە خۆی دەکرد بە ماڵدا، خواردەمەنی، جل و بەرگ و... لە منی وەردەگرت و بە پەلە دەردەکەوت. منیش تا لە دەستم هاتبا، درێخم نەدەکرد، ئێستاش نەمزانی بۆ کێ و بۆ کوێ؟! چونکە بە کەسی نەدەگوت.

ئەو دەمە کە هێرشە دڕندانەکەی بەعس کرایە سەر ناوچەی ماوت (mawt)ی کوردستانی باشوور، حیزب و رێکخراوەکانیکوردستانی رۆژهەلاّتیش لە کەرەمی تۆپ و تانگ وبۆمباکانی ئەو روو رەشانەی مێژوو بێ بەش نەبوون، چەند بنەماڵەی رەبەنەماڵ بە شێوەیەکی دڵتەزێن مابوونەوە، سەعید ئەوانی دەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئەو شوێنە کە خۆی لە وێ دەبوو، ئێمە و مانان کە قەناعەت و رازی بوون پیشەمانە، ئەویش ئەوانە! هاوسنوور! هاوزمان! هاونەوع!! زۆری یارمەتی دان، بەڵکو هەنووکە خەمێکیان لە سەر سووك بێ.

7– سەعید و ئاشتی خوازی:

حوکمی مێژوویی، لە خۆبایی زۆردارانی تالانچی چەکیان بۆ سەعید و هاورێکانی کردە مشە! بەلام چەك هەلگرتنی سەعید تەنیا لە پێناوی پارێزگاری لە مالەکەی خۆی بوو کە هێمانە داگیرکەران داگیریانکردوە. سەعیدی چاوکراوەی بە ورە بوو بە پارتیزان و سەعیدی پارتیزان، ئاشتی خوازیەکەی سەرەتا لە دەروونی پاك و پاشان لە بەرەکانی شەڕ بۆی بوو بە دیاردەیەك. بۆ وێنە، کاتێ دەیدی کارتێکردنی بیری چەپ سەرچاوە و دژی نەتەوەیی لە رۆحی خەباتی کورد و خۆ بە کەم بینینی تاقمێ لە (سەرکردەکان) هۆکاری سەرەکی هەلاییسانی شەڕی برا کوژی لە نێوان کۆمەلە و حیزبی دێموکرات بوو، لە گەڵ تاقمێك چوو بۆ (گەورە دێ) چوە خزمەت سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهیدی گەورە، د. قاسملوو و داوای کرد بەش بە حالێ خۆی  شەڕی ئێستای برا کوژی بکووژێنێتەوە ولە و لێکدان و رکەبەرایەتیە داسەپاوە گەورەیی نیشاندا و لە سەر بنەمایەکی ئاشتی دایرێژێتەوە.

سەعید لە هەنگاوەکانیا لە تەك رێکخراوە ئێرانی و کوردستانی، وەك ناونجی کار، کاری ناوجێی و ئاشتی بێ، چونکە ئەو ئەندێشە بەر بلاوەی ئەو جگە لەوە شتێکی دیکەی نەدەویست لەو. ئەرێ ئەو وا بار هاتبوو.

8- سەعید و دێموکراسی:

بێ گومان گەورەترین نەخۆشی بزووتنەوەی فکری، فەلسەفە، کۆمەلایەتی، سیاسی دایمە لە خۆباییانی بێ کردەو و نوسخە پێچانی خۆ دوورگر بوون. بە راستی ئەگەر کەسێکی مودعی چوارچێوەی فکری خۆی لە دروست کراوەیەکی گچکەی بنەمالەکەی خۆیدا دانەمەزرێنێ، چۆن دەتوانێ ئەو شێوە مۆدێلە بە کۆمەلگە هەر لە و دەلاقەوە، بە سیلەی چاو بڕوانە کەش و هەوای بنەمالەی زانایان؟ باشترین سەنگی مهەکە بۆ تاقیکردنەوەی راستی و پاکی ئەوان. لە بنەمالەی سەعید یەزدانپەنادا، کەسێ لە ئەندامیبنەمالە خواستبێتی بە رێیەکی دیکە دا بڕوا و بە وانی دیکەی گوتبێ، پیرۆزباییان لێ کردوە.

بەراستی لە حەیاتی سیاسی کورد و لەوە بەو لاتر، لە رۆژهەلاتی ناوەراست، لە نێو گەورە سەرکردەی حیزبە گەورەکاندا، ئەم کردەوە دێموکراتیە لە نێو بنەمالەدا پاش روێنی ئەندامێکی نزیك بۆ رێبازێکی دیکە بە شتێکی گرنگ و بێ وێنە دراوەتە قەلەم، وەك لادەر چاوی لێ کراوە. ئەوە گەورەترین بەلگەیە بۆ دێموکرات بوون و خووی دێموکرات بوونی سەعید.

9- سەعید و **ruk**

سەعید هێمانە لە بێدەنگیدا،بیرمەندی کورد، مالئاوایی لە رێکخراوەی چریکە فەداییەکان دەکا. هاوڕێ دەگەڵ چەند کوڕە کوردی سەودا سەر و هاوبیر لە رێکەوتی 28 گولانی 2691 کوردی (1370) لە داوێنی کێوەرەش (شاری رانیەی کوردستانی باشوور) یەکێتی شۆڕگێڕانی کوردستان.( revolutionaries union of Kurdistan بنەمایان داڕشت.

سەعید **ruk** لە سەر بنەرەت و بنچینەی ناسیونالیزمی مۆدێڕنی کوردی، داڕشت و بە کردەوەی نوێ و وتاری نوێ هێنایە نێو ئەدەبیات سیاسی کوردستانەوە. ئەوە ئێستا ئیستراتژی سەربەخۆیی، پێك هاتنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی، فیدرالیزم و.... بە شێوەیەکی تئۆریك و باس لێ کراو لە دنیای فکری، فەلسەفی، سیاسی کورد بە دی دێنێ.

سەعیدی بیرمەند و خاوەن ئەندێشەی کورد، بە راستی پێویستیەکانی پێویستتر کرد. بەر لە هەمووان، لە رێی چارەسەری ریشەیی و سەرەکی کوردستان کەوتە توێژینەوە و وتوێژ، هێمانە ناسیونالیزم و خەباتی سەر بە خۆ خوازی، زەرووری بوونی پێك هاتنی بەرەیەکی کوردستانی و فیدرالیزم، بە وتەی پێداگرانەی رۆشنبیری، سیاسی کوردەکانی رۆژهەلات، بوەبە زاراوە و وێردی سەر زاران.

10- سەعید لە قەتلێ گادا:

سلێمانی و شەو و..... شەو نەنوونستوانی شەو پەرست!

کوردستانی ئازاد و..... تاران و پڕکارانی چلکاوخۆران لەم بەهەشتە بێ قابیل کراوە!

شەپۆلی ترۆر هەستاوە و لە سێبەری قالاوی حوکم رەوایی خۆی، کوێر دلان و نگریسی چنگ رەش، نانا، دڵ رش وتاریك، سەعیدی خولقێنەر، داهێنەر، بیرمەند و وردبینی کورد، تاقانە پێڕەوەکەی خانی، داهێنەری ئەندێشەی سەربەخۆیی پاش خانی و ئالا هەلگری قوتابخانەی خانی و هەر چوارپارچە لەت لەت کراوەکەی کوردستان کە نەیارانی هەر چوارپارچە دلیان وەقرت و فرت کەوتبوو، لە چوارەمین مانگی لە دایك بوونی (**ruk**) چاویان چوە سەر سێرە و..... .

سەعید لە دوای داڕشتنی (ruk) زۆرجار دەیگوت: ئەگەر ئەمجار مەرگیش بێتە سەروکارم، بێ باکم، ئیتر بە لامەوە گرنگ نیە.ئەرێ، ئەرێ پەیامی خۆی گەیاندوە، دەیزانی.

ئەمجار گۆرستان و هاودەنگی شێخ ئەحمەدی سلێمانی، کاتی پشوودانە تا ڕۆژی رزگاری نیشتمانە پیرۆزەکەی لە لای برا شەهیدەکەی، کاک رەشید (سمکۆ) و لە ژێر شەکانەوەی ئالاّ پیرۆزەکەی کوردستان لە سەر مەزاریان بشەکێتەوە.

ئەرێ، سەعید ترۆر کرا، بەلاّم قوتابی قوتابخانەکەی بە دلۆپە خوێنی ئەو تۆماریان نووسیوە و هەر پێنج پەنجەیان پێوە ناوە، یان کوردستان، یان نەمان، ئەرێ ئەرێ، بەڵێنە و دراوە، تا ئامانجە پیرۆزەکەی نەگەێنینە مەئوا، هەگبەی ئەندێشەکانی لە شان ناکەنەوە و لە گەڵ کاروانەکەی ئالاّ هاوار دەکەین: ك، ك– ك .....

ئەم نووسراوە هەڵبژاردەیە کە لە کەسایەتی و ئەندیشەکانی شەهید سەعید یەزدانپەنا بەم قەڵەمە کە لە داهاتوودا چاپ دەکرێ.

چەندە جوانی هۆنیوەتەوە ئەو شاعیرە مەزنە، فایەق بێ کەس:

– بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم.......

سەعید نەچوە ناو مێژوو بەڵکو ئەوە مێژوو بوو لە و دا هەڵقولاّ.

نووسینی ئارتیکا– سنە–

وەرگێر عومەر مەولودی

2004/11/8

2704/8/19


Ruk2691@yahoo.com
www.ruk2691.com